
# گوێگرتن لە خوڕەی هەستی شاعیر



**حەمەسەعید حەسەن**
**(سوێد)**

**دائیم لە حەضەردا سەفەری بە ، لە وەتەندا**
**غوربەتکەش و عاجز بە ، ئەگەر ئەهلی تەریقی**
**«نالی»**

«ئەگەر شوێن حەقیقەت کەوتووی، ئەوا تا ماوی لە هەر کوێیەک بی، نامۆیی دەستی لە یەخەت نابێتەوە.» ئەمە بە چڕی واتای ئەو دێڕە شیعرەی نالییە کە کلیلی کردنەوەی دەروازەی کۆمەڵە شیعرەکەی **پشکۆ نەجمەدین**-ە.

بۆدلێر دەڵێ: «کە باس لە هێڵنج و قێزهاتنەوە دەکەم، وا هەست دەکەم بەسەر دوورەپەرێزیدا سەرکەوتووم.» پشکۆ-ش لە کۆمەڵە شیعری: «**گەڕان لە دووی سەرابی نیشتمان**»دا، کە بە هۆنراوەی «نامۆیی» دەست پێدەکا، تێیدا لە تاو سەدڕوویی هێڵنج دەدات. کێ هەیە شوێن ڕاستی کەوتبێت و واقیع تووشی هێڵنجدانی نەکردبێ؟ پشکۆ بە دوای مەحاڵدا وێڵە، خوداوەند نییە پێویستی بە کڕنووش بۆ بردن نەبێ. تاقە ڕێگەی دەربازبوون لەم جیهانە قێزەونە، وەک فارابی بۆی چووە، ئەوەیە: پەنا بۆ ناخی خۆت بەریت و خۆت خاوەنی خۆت بی.

نامۆیی، نەخۆشییەکی دەروونی نییە، هەست و خولیایەکە لە ناخی مرۆڤی هۆشمەندا سەر هەڵدەدا و یەکێک لە نیشانەکانی، یاخیبوونە لە واقیعی باو. نامۆ هەمیشە بەدوای حەقیقەتدا، بەدوای خودی خۆیدا وێڵە، یان وەک «**هێرمان هێسە**» دەڵێ: «لە ناخیدا دوو ئینسان دەژین، هەر یەکەیان دەیەوێ لەوی دیکەیان ڕزگاری ببێ.»

نامۆیی سەراپای شیعرەکانی پشکۆی داگیرکردووە و گەڕانەوە، مۆتەکەیەکە شەو نییە دەست لە بینی گیر نەکا. ببوورن ناتوانم باسی شیعر بکەم و توخنی خاوەنەکەی نەکەوم. شیعر پەیامێکە کەسێ بۆ کەسانێکی دیکەی دەنووسێ: «نێرەر - نامە - نامە بۆ نێردراو ، واتا: شاعیر - شیعر - خوێنەر.» ئەوی پێی وایە شاعیر بۆ خۆی دەنووسێ، وەک ئەوە وایە کەسێک نامە بۆ خۆی بنووسێ. ئەو پەیامەی شاعیر دەینێرێ، ڕوانینی خۆبەتی بۆ بوون، جیهان و هەموو کێشەکان، ئەو پەیامە بە زمان و شێوە دەربڕینێکی تایبەت بەخۆی دەگەیێنێ کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونێکن تایبەت بە خۆی.

**خوڕەی چەکی ڕوو لە یەکی ئەم شۆڕشە موقەددەسە**
**وەکو تریاک بە دەمارمانا ڕۆچووە.**

کووڕەی دەروونی هەموو شاعیرێک هەڵدەچێ، هەموو شیعرێک لە ئەنجامی هەڵچوونێکەوە لە دایک دەبێ. شاعیری خاوەن ئەزموون، شاعیرانە هەڵچوونەکانی بەرجەستە دەکات و هەمیشە ئەوەی لە بەرچاوە کە شیعر وەک هونەرێکی باڵا، هەرگیز دەستبەرداری ڕووکارە هونەرییەکەی خۆی نابێت و پەنا بۆ زمان و شێوە دەربڕینی بازاڕی سیاسەت نابات.

کەس هێندەی شاعیر قینی لە شۆفار نییە، ڕەخنەگر ناچارە هەندێ جار جاسووس ئاسا خۆی بخزێنێتە دەروونی شاعیرەوە و گوێ لە خوڕەی هەست و ترپەی دڵی بگرێ. لەوانەیە هەر ئەمەش بێ، وای کردبێ شاعیر و ڕەخنەگر دانوویان پێکەوە نەکوڵێ. هەر لەسەرەتاوە شاعیر و ڕەخنەگر ناکۆکن کە ئەمیان شیعرەکەی نووسی، یان لە گەشتەکەی گەڕایەوە و بارگەی خست، ئەوسا گەشتی ئەویان دەست پێدەکا.

وەک چۆن شیعر سەختترین جۆری هونەرە، هەرواش نووسین لەبارەی شیعرەوە، دژوارترین جۆری نووسینە. پشکۆ لە شیعری «گەڕانەوە»دا، نیازی سەفەرێکی ئەفسووناوی لە تاراوگەوە بۆ وڵات هەیە. سەفەرێکی شاعیرانە بە هەموو مانای دەربڕینەکە. **«سەفەرێک بە چەپکێ گوڵی باخی ئەستێرەوە، بە ڕووبارێ لە چاوی خۆرەتاوەوە، بە دەسماڵێ لە پەلکەزێڕینەوە»** سەفەرێ لێرەوە کە تێیدا نامۆیە، بۆ ئەوێ کە نامۆیی بوو وای لێکرد بە جێی بهێڵێ. بە ڕاست شاعیری نانامۆ لە جیهاندا هەبووە و هەیە؟ ئاخۆ کەی نامۆیی شاعیر کۆتایی پێ دێ؟ وەڵامی ئەم پرسانە لە شیعری هیچ شاعیرێکدا بەدی ناکرێن. بە ڕاست نامۆیی چۆن چارەسەر دەکرێ؟ با کەس بە هیوای وەڵام و چارەسەری شاعیر نەبێ. شاعیر دەپرسێ، وەڵام ناداتەوە، شاعیر باس لە کێشەکان دەکات، چارەسەر دەستنیشان ناکات. ئەوی داوای وەڵام و چارەسەر لە شاعیر دەکات، بە وڵاتی سەوزی ڕەخنەی ئەدەبی، نامۆیە.

ئەگەرچی پشکۆ لە «گەڕانەوە»دا، بۆ ئامێزی دایکی نیشتمان سوێی بووەتەوە، بەڵام کە دەگەڕێتەوە، وەک لە شیعری «لە میحرابی ڕۆحی دایکمدا» درکاندوویەتی، هەست دەکا لەوێش بە هەموو شتێ نامۆیە، بێجگە لە ترووسکەی خاکی سەر گۆڕەکەی دایکی. لێرەدا لەگەڵ **«لامارتین»**دا یەکدەگرێتەوە کە دەیگوت:

**گیانم خەمناکە وەک مردن**
**ئیرەیی بە گڵکۆ دەبەم**
**ئای بۆ ئەو خەوە قووڵە درێژە.**

کێ دەتوانێ شاعیر بێ و لەو پێوەندییە نامرۆڤانەیەی دەیەوێ مرۆڤ و هەموو بەها ئینسانییەکان بکاتە شتومەک، یاخی نەبێ؟ کێ دەتوانێ شاعیر بێ و بەو پێوەندییانە نامۆ نەبێ؟ ئەم نامۆبوونە کارێ دەکا، گەلێ جار خۆزگە بە مردن بخوازێ و بە تاکە ڕێگای دەربازبوونی بزانێ. هەر ئەم نامۆبییە وەها کاری لە **کۆنستانتین جیورجۆ** کردووە، ناچار بووە بڵێ: «مرۆڤ تەنیا جارێ جێی خۆبەتی پیرۆزبایی لێ بکرێ، ئەویش ئەو کاتەیە کە دەمرێ، جێی داخە ئەو تاقە جارەش بۆی نالوێ گوێی لەو پیرۆزباییە بێ.»

**ئێستە ئێمە هەر بۆ خۆمان**
**جەللادی شەهیدەکان و**
**بکوژی کوژراوەکانین**
**ئێمە خەزنەی دڵی خۆمان چەپاو دەکەین**
**ئێمە لە ماڵی خۆماندا دزین، جەردەین.**

شیعر، ئەگەرچی دەکرێ ئاوڕ لە هەموو مەسەلەیەک بداتەوە، بەڵام دەبێ هەرگیز شیعرێتیی خۆی لە دەست نەدات، شاعیریش بۆ ئەوەی بە شاعیری بمێنێتەوە، نابێ هەرگیز بوار بدات، دێوی سیاسەت سواری سەری بێت. **ئیسماعیل قەدری** دەڵێ: «ئەگەر پێتان وابێ من نووسەرێکی سیاسیم، دەبێ **- تۆلستۆی -** ش بە نووسەرێکی عەسکەری لە قەڵەم بدەن.» پشکۆ-ش ئەگەرچی بیروڕای سیاسیی خۆی فەرامۆش نەکردووە، بەڵام ئەوەی لە بەرچاو بووە، کە شیعر دەنووسێ، نەک گوتاری سیاسی.

وەک چۆن ناکرێ شیعر لە خاوەنەکەی جیا بکرێتەوە، هەرواش ناکرێ شیعر لە سەردەمەکەی دابڕین. گەرچی شیعر لە سەردەمێکی دیاریکراودا لە دایک دەبێ، وەلێ شیعری باڵا تەنیا لە سەردەمەکەی خۆیدا ناژی، بەڵکو درێژە بە ژیانی خۆی دەدا و تەمەنی نووحی بۆ دەنووسرێ.

**گەر ئاشقی کازیوە بین**
**دەبێ تاریکی بنێژین**
**ڕەشبەڵەکی چیا بەردەین**
**ڕچە بەرەو بنار بکوتین.**

ناکرێ باسی شیعری پشکۆ بکەین و خۆمان لە هەڵویستی وی سەبارەت بە واقیعی کوردستان بە دوور بگرین. لامارتین دەڵێ: «هەر بەشێک لە وشەکانم، ڕەنگدانەوەی بەشێکن لە ژیانم.» بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی لامارتینەوە، ڕەخنەی بونیادگەری - کە بۆ دژایەتی کردنی ڕێبازە ڕەخنەییە ڕادیکاڵەکان و هەموو ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنانە هاتۆتە کایەوە، گرنگی بە بەها ئینسانییەکان دەدەن، ئاوڕ لە خاوەن، سەردەم و شوێنی لە دایک بوونی دەقەکە ناداتەوە.

ئەوی سەرنجی شیعرەکانی پشکۆ بدات، وەک ئەوە وایە بەشێک لە سەربوردەی ژیانی وی بخوێنێتەوە. خوێنەر هەست بە تەبایی نێوان گفتار و ڕەفتاری دەکات. ئەو کە ڕەخنە ئاڕاستەی خودی خۆی، یان هەر کەس و لایەنێک دەکات، **ئەدۆنیس** گوتەنی: «مەبەستی ئەوە نییە خوێنەر فێری چۆنیەتیی هەڵوێست نواندن و شێوازی بیرکردنەوە بکا، تاکە ئامانجی ئەوەیە: خوێنەر فێر ببێ خۆی بیربکاتەوە.»

لە کاتێکدا زۆربەی دەستەمۆکراو و گوێڕایەڵ دەڵێن: بەڵێ، دەبێ شاعیر بڵێ نا. ئەوی یاخی نەبێ، تووڕە نەبێ، هاوار

نەکات و لە هەر شوێنێ زەبروزەنگ هەبێ بەرەنگاری نەبێتەوە، ئەوە شاعیر نییە. ئەوی لە ئاستی سووکایەتی کردن بە کەسانی دیکەدا بێدەنگ بێ، ئەوە نەک هەر تەنیا دەستبەرداری ئازادیی خۆی دەبێ، بەڵکو بەشداریشە لەو تاوانی سووکایەتی بە مرۆڤ کردنەدا. لەم جیهانە جەنگەڵەدا، دەسەڵاتداران دەیانەوێ هەمووان کەوی بکەن. شاعیر نابێ هەرگیز مل کەچ بکا، هەر کە ملی کەچ کرد و دەستەمۆ بوو، ئیدی بە شاعیری نامێنێتەوە، دەبێتە شێرەپەڕۆینە. ئەگەر شاعیریش خۆی بەدەستەوە دا، ئیدی کێ هاوار بکات: پاشای وڵات ڕووتە؟ بەشێک لە شیعرەکانی پشکۆ ئەو هاوارەن کە پێویستە بکرێن و خەو لە چاوی سوڵتان بزڕێنن.

شاعیر ئەگەر لە بواری داهێنانی وێنەی شیعریدا، خاوەنی سەلیقەیەکی بە بڕشت بێ، دەتوانێ بە هۆی دەربڕینە چڕوپڕ و بەپێزەکانییەوە، ئەوەندە مانا لە دێڕێکدا کۆبکاتەوە، وەک کۆکردنەوەی کانیاوێ لە جامێکدا، بەڵام تەنیا ئەو شاعیرانە خاوەنی ئەو سەلیقەیەن کە خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندن، ئەزموونیش لە ئەنجامی خۆ ماندووکردن و خۆ پێگەیاندنێکی دوور و درێژەوە سەرهەڵدەدا، ئەگینا بە دەگمەن شاعیری وا هەڵدەکەوێ لە دەستپێکەوە بە ئەزموونەوە بێتە کایەوە.

یەکێک لە ڕووکارەکانی شیعری بالا ئەوەیە: وێنە و دەربڕینەکانی تووشی سەرسوڕمانت بکەن، ڕوو بە ڕووی شتێ ببیتەوە کە چاوەڕێت نەکردبێ و وا هەست بکەی ئەفسوونت لێ کراوە. شاعیر دەتوانێ و دەبێ لەو زمانە گشتییەی کە زمانی هەموانە، زمانێکی تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوە، زمانێ نە لە زمانی خەڵکی بچێ و نە لە زمانی شاعیرێکی دیکە:

**لەو دیو تریقەی هەورەوە**

**دەنگی پێی هەتاو دەبیستم.**

هەور قاقا پێدەکەنێ و هەتاو دەڕواو دەنگی پێی دێ. ئەمانە تەنیا لە جیهانی ئەفسووناویی شیعردا بوونیان هەیە. پشکۆ توانیویەتی بەو زمانەی کە تایبەتە بە خۆی وێنەی شیعری بکێشێ:

**با هات و جڵەوی ئەسپەکەی لێ گرتین**

**خۆر هات و چاوی خۆی پێ بەخشین**

**شەپۆلە سەوزەکان لە کۆڵیان کردین و**

**سترانی ژیانیان بۆ چڕین.**

هەتا شیعر بمێنێ، سروشت لە ناخیدا زیندووە. لەم شیعرەدا: «سووران لە بازنەی مەرگدا» با، خۆر و شەپۆل، مرۆڤ ئاسا هەڵسوکەوت دەکەن. ئەمە شێوازێکە لە شێوازەکانی دەربڕینی هونەری کە دەبێ جیاواز بێ لە دەربڕینی واقیعی، با شیعرەکە باس لە ڕووداوێکیش بکات و گەلێ ڕەگەزی واقیعیشی تێدابێت. شیعر زانست نییە، هونەرە. شیعر و زانست وەک فەیلەسووفێکی ئیتالیایی «**جۆیۆ**» دەڵێ: «لە بوارێکدا یەکدەگرنەوە، هەردووکیان بە دوای حەقیقەتدا وێڵن»، بەڵام هەر یەکەیان بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی. تەنانەت ئەگەر شیعر ڕاستییە ڕووتەکانیش بدرکێنێ، بە جۆرێکی تایبەتی وێنەیان دەکێشێ و **ئەدۆنیس** گوتەنی: «شیعر نە دەبێتە پاشکۆی ڕووداو و نە بەشێکە لە ڕووداو، خۆی ڕووداوێکی سەربەخۆیە»، بۆیە هەرگیز شیعرێک نەنووسراوە و نانووسرێ کە تەواو واقیعی بێ. شاعیر خەیاڵ، هەست، سۆز و ڕوانینی خۆی تێکەڵی واقیع دەکات و ئەو وێنانەی فلچەی شاعیر دەیانکێشێ تەنیا لە تابلۆی شیعریدا بەر چاو دەکەون.

**لە خرمەی تاوە بارانێک وە ئاگا دێم**

**کە لەسەر مەزاری دایکم خوڕ دەبارێ.**

پێمـوایە شیعری جوان، بە ڕاناوی تاکی بگۆ دەنووسرێ. کەسی یەکەم بۆ شیعر کاریگەرێتییەکی تایبەتی هەیە و یەکێکە لە ڕەگەزەکانی زمانی شیعر، بەڵام شاعیر کە بە ناوی خۆیەوە دێتە گۆ، ئەوە تەنیا دەنگ و هاوار و ناڵەی خۆی نییە، دەنگ و ناڵە و هاواری هەزارانە.

**ئێمە چ شاهێدێکی نابینا و**

**چ بگۆیەکی بێدەنگ بووین.**

کۆکردنەوەی ناکۆک و نەشیاوەکان کە لە شیعری «**بۆدلێر** و **رامبۆ**»وە سەری هەڵداوە، ئێستا یەکێکە لە ڕووکارەکانی شیعری کوردی، ئەمەش زۆرتر ڕەنگدانەوەی بێزاری، دڵەڕاوکێ و هەست بەنامۆیی کردنی شاعیرە. پشکۆ ئەو تەکنیکەی بۆ ڕەخنەگرتنێکی شاعیرانە لە پێوەندییە باوەکان بەکار هێناوە.

هەندێ لە شیعرەکانی پشکۆ کێش و سەروایان هەیە، بەڵام هەندێکی دیکەیان نییانە. من پێمـوایە ئەوەی ئێستا بە لای خوێنەرەوە گرنگە، ئەوەیە هەست بکات ئەوی دەیخوێنێتەوە شیعرە، بە چاوپۆشی لەوەی شیعرەکە کێش و سەروادارە یان نا؟ وەک چۆن دەقی وا هەیە لە ڕووی کێش و سەرواوە هیچ ناتەواوییەکی تێدا نییە، کەچی شیعریشی تێدا نییە، هەروا دەقی واش هەیە، نە کێشی هەیە، نە سەروا، بەڵام پڕە لە

شیعر.

شیعرەکانی **محەمەد ماغووت** کێش و سەروایان نییە، شیعرەکانی **محەمەد عومەر عوسمان** کێش و سەروادارن. ئەمە گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە ئەوی هەردوو محەمەد دەینووسن شیعرە. دەشێ هەندێ جار کێش و سەروا ڕۆڵیان لە جوان کردنی دەقەکەدا هەبێ، وەک لای محەمەد عومەر عوسمان هەیانە، بەڵام ئەوی بە نەمری دەمێنێتەوە، نە کێشە و نە سەروا، زمانی شیعرییە، شێوازی دەربڕینە، ڕوانینی شاعیرانەیە. شیعری جوانی کێش و سەروادار، لە کاتی وەرگێڕاندا کێش و سەرواکەی دەمرن، بەڵام گیانە شیعرییەکەی هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

«ژیان بەشی خۆشەویستی ناکا، ئیتر چۆن بۆ کینەی تەرخان بکەم؟» پشکۆ لە شیعری «ئەشق و زەمەن»دا ئەو بۆچوونەی بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی دووبارە کردۆتەوە. شیعر تەنیا لە هەست پێک نایە، لە هەست و بیر و خەیاڵ و ... پێکدێ. پشکۆ لەو شیعرەدا، بیرێکی گەشی بە هەستێکی ناسک دەربڕیوە. یەکێک لە ڕەگەزەکانی شیعری جوان ئەوەیە: هەست و بیر بە جۆرێ لێک ئاڵابن، یان ڕاستتر وایە بڵێم: بە جۆرێک لە یەکتردا توابنەوە، خوێنەر هەردووکیان بناسێتەوە، بەڵام نەتوانێ لە یەکدییان جیا بکاتەوە.

گەڕان لە دووی سەرابی نیشتمان، وەک ناونیشانی ئەم کۆمەڵە شیعرەیە، سەردێڕی هۆنراوەیەکیشیانە کە جێی خۆیەتی هەڵوەستەیەکی لە ئاستدا بکرێ. شاعیر کاتێ دەتوانێ بە زمانێکی شیعری بنووسێ کە زمانەکەی ڕسکاوی خورپەی دڵی بێ، بە جۆرێ بێتە گۆ، وەک ئەوەی بیر لەوە نەکاتەوە خەریکی نووسینی دەقێکی ئەدەبییە، گەر وای کرد، دەقێکی ئەدەبی وا دەنووسێ، جوانی، ڕاستگۆیی و قووڵی لێ بڕژێ. تەمێک لە بالای «گەڕان لە دووی سەرابی نیشتمان» ئاڵاوە، بەڵام بالای شیعرەکە لەو دیو تەمەکەوە دیارە. شیعرەکە وەک چۆن ئەوەندە ڕوون و ئاشکرا نییە، تا پلەی ساکاری، هێندە تەمومژاویش نییە هیچی لێ تێنەگەین. تەمومژەکە زادەی قووڵی شیعرەکەیە و خوێنەر بۆ بیرکردنەوەو گەڕان بە دوای مەبەستە شاراوەکاندا هان دەدات و لەو تەمومژانە نییە، هەندێ بۆ چاوبەستی خوێنەر و شاردنەوەی ساکاریی توانای خۆیان پەنای دەبەنە بەر.

«لە میحرابی ڕۆحی دایکمدا» و «سۆزی یادێکی درەنگوەخت» دوو هۆنراوەی ناسکی دیکەی ئەم کۆمەڵە شیعرەن و ئەمیانی بۆ مەرگی دایکی و ئەویانی بۆ شەهیدبوونی «**شێخ عەلی**»ی هاوڕێی گوتووە. لەو دوو شیعرەدا دووانەکانی: نیشتمان و تاراوگە، قوربانی دان و بازرگانی کردن، کوڕنووش بردن و یاخی بوون، هەنگاونان و گیرخواردن، ساختە و ڕاستی، سپلەیی و ئەمەک، ئێستا و ڕابردوو.... لە ڕوانگەی پشکۆوە بە زمان و دەربڕینێکی شاعیرانە بەرجەستەکراون و پاکیزەیی و ڕاستگۆییەکیان بەسەردا زاڵە، کە لەم سەردەمە پۆخڵ و ساختەیەدا، مەگەر تەنیا لە شاعیر و منداڵ چاوەڕێ بکرێن.

پشکۆ لە سەرجەمی شیعرەکانیدا وێنەیەکی تاڵی واقیع دەکێشێ و پێشبینیی کارەساتیش دەکا. ئاخر شاعیر ناتوانێ لە سەردەمی شین و شەپۆڕدا، شایی بگێڕێ، ئەوە لە گاڵتەجاڕ دەوەشێتەوە. ئەو دەزانێ تاکە پێوانە بۆ شیعر ئەوەیە بەرهەمەکە شیعرە یان نا؟ نەک ئەوەی خاوەنەکەی گەشبینە یان ڕەشبین. کێ بڕیار دەدا ئەم دەقە شیعرە و ئەوی دیکە نا؟ تەنیا یەک ڕەخنەگر هەیە کە هەرگیز بەهەڵەدا ناچێ، ئەویش شۆلۆخۆف گوتەنی، زەمانە. ئەو دەقەی وەک شیعری **نالی**، **مەولەوی** و **گۆران**، قەفەزی زەمانی شکاند، ئەوە شیعرە.

هەندێ لەوانەی لەبارەی شیعرەوە دەدوێن، وەک ئەوە وایە لە کاتێکدا گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش دەچڕێ، لە بری ئەوەی بە ڕێزەوە گوێ بگرن، قسە دەکەن، نەک منیش یەکێک بم لەوانە، دەبا بێدەنگ بم و پێکەوە بچین گوێ بۆ گۆرانییەکانی پشکۆ شل بکەین.. ❖

**1994. 10. 08**